دێرین
ژمارە (6) دووشەممە 2006/11/20
سەرپەرشتیاری لاپەڕە: مەریوان سابیر

# کوردستان ڕوو لەکوێ؟

**مەهاباد کوردی- سوید**



مەهاباد کوردی

ڕووداوەکـان کەلەسەر زۆر ئاستی جیاجیادا دەقەومێن، ڕۆژ لەدوای ڕۆژو گەلێ بەپەلە، بەسەر ڕەوشی سیاسیی قەوارەی بەناو عیراقدا دێن و دەچن کە تەنانەت ئەوەی ئەمڕۆ دەینووسیت لەوانەیە سبەینێ ڕاست دەرنەچێت و بەپێچەوانەوەش، کوشتاری بەردەوامی نێوان عەرەبە سوننەو شیعەکان گەیشتۆتە ڕادەیەك، سیاسەتمەداران بیانەوێت یان نا، خۆی لەخۆیدا نموونەیەکی سەرەتایی جەنگی ناوخۆییە لەو وڵاتەدا. هەر دوێنێ لەیەك لەگەڕەکە سووننە نشینەکانی بەغدا بەدەیان گوللە هاوەن ئامانجی خۆیان پێکاوە، جا ئەو (ئامانج)انە چ دەبن با بن، گرنگ ئەوەیە ئەوانەی بەکارێکی وەها هەڵدەستن، مەبەستیان شێواندنی ڕەوش و باری ژیان و کوشتنی بەرامبەرەکانی خۆیەتیان، کەواتە ڕەوشی ئەمنی لەخراپەوە بەرەو خراپتر دەچێت. ئەمەش یەك لەو شتو هۆکارو پاڵنەرە هەرە سەرەکییانەیە کەدەشێ ڕاستەوخۆ ببێت بەهۆی بەرپابوونی، یان بەرپاکردنی شەڕی ناوخۆ، (ئەعزەمییە)و (کازمییە)ی بەغدا کەناوەکانیان ئەوەندە لەیەك دوور نین، بەڵام بیرو بۆچوون و لێکدانەوەی دانیشتوانەکانیان بۆپرس و شتە جوداکان، بەقەدەر زەوی و ئاسمان لێك دوورن. چ گومانیش لەوەدا نییە تیرۆریستان و بەعسییە سەددامییەکان و توندڕەوە ئیسلامییەکان، هەتا پێیان کرابێت و بکرێ، جوان جوان ئەم ڕەوشە ناهێمن و نائاساییەیان قۆستۆتەوەو لەپێناو بەرژەوەندییە گڵاوەکانیاندا بەکاریانهێناوە.

من تەنیا وەك دەستپێکی باسەکەم ئەم چەند وشانەی سەرەوەم نووسی، ئەگەرنا خوا دەیکرد عیراق ئاگری تێبەردەبوو، عەرەب یەکتریان لەت و پەت دەکرد، ئەمەنە سەریەشەی کوردەو نەگرفتی سەرەکیی چارەنووسسازی هاوڵاتییانی کوردستانیشە. بەڵام لەهەمان کاتدا گەلی کورد لەگەرمە گەرمی ڕووداوو پێشهاتەکاندا هەست بەجۆرێك لەنیگەرانی و نارەحەتیبوون دەکات. ڕەنگە خەڵك ئەوەی کەزیاتر بیپرسن پرسیارێکی ئاوەهایی بێ: دەرەنجامەکانی ناکۆکی و ململانێکانی نێوان سوننەو شیعەو ڕووداوو پێشهاتە چاوەڕوانکراوە کراوو چاوەڕواننەکراوەکانی ناوچەکە، بەچ شێوەیەك کاریگەریی خۆیان لەسەر کوردو داخوازییە ڕەواکانی دادەنێن؟ ئێمەی کورد دەڵێی لەچارەمان نووسراوە، هۆیەکان بەتەنیا دەرەکی نین، هەر لەچاوەڕوانیدا ژیان بەسەر ببەین و بەدەوری خۆشماندا بسووڕێینەوە!.

سەرکردایەتیی سیاسی کوردستان کەلەسەرەتادا، لەدەمەدەمی لەناوچوونی ڕژێمی بەعسی عەرەبی شۆڤێنیی، هەروەها قۆناغی دوای دەستگیرکردنی سەددامی دیکتاتۆریش، خوا هەڵناگرێ هیچ کەمتەرخەمییەکیان نەکرد لەپیاهەڵدان بەشان و شەوکەتی (عیراقی هیواو ئاشتی)دا، هەر کەسێکی بەویژدان ڕیکلامە بێماناکانی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەردوو حزبی فەرمانڕەوای کوردستان، لەوانەیە ڕۆژێ لەڕۆژان ئازاریان دابێ و خەمبارو تووڕەشیان کردبێ، ئێستا دوای بەسەرچوونی ساڵانێك بەسەر نەمانی حوکمی تاکڕەوی و دیکتاتۆرییانەی بەعسدا، هێشتا خەڵکانێکی مێشك پووت و بۆگەن و ڕەگەزپەرست هەن کە (بەگیان و بەخوێن ئامادەن خۆیان بۆ سەددام فیدا بکەن). کارێکی وا کەخۆی لەخۆیدا ئەوپەڕی لوتکەی شۆڤێنییەتی عەرەب دەگەیەنێت، لەهەمان کاتیشدا لەکەیەکی شەرمەزارییە بەنێوچەوانی ئەوانەی ڕۆژێك لەڕۆژان، چ بەزمان و چ بەکردار، سڵاوێکیان لەبەعس و بەعسییەکان کردبێ.

هەواڵەکان باس لەوەدەکەن کە پڕۆژەیەك (لەشێوەی پێشنیان) واخەریکە بخرێتە بەردەم (ئەنجوومەنی نوێنەران)ی عیراقی (پەرلەمان). بەگوێرەی ئەو پڕۆژەیە بێ بەهەزاران بەعسی بۆیان هەیە بگەڕێنەوە سەرکارو پیشەکانی خۆیان و هەروەك جاری جاران لاف و گەزاف بەسەر خەڵکیدا لێبدەن. هەڵبەت لەبارێکدا گەر خەڵکی ڕەشۆکی ڕێیان پێ بدەن، ئەگەر نا حکومەتەکەی ئەلمالیکی وا وردە وردە بەدەوری ئەوەی پێشوو دەچێت. کارێکی وا کە بریتییە لە دڵدانەوەو ڕازیکردنی عەرەبە سوننەکان لێی، دیسانیش بەتەواوی مانای وشەوە (چۆك دادان) لەبەرامبەر گروپە چەکدارە تیرۆریستییە ڕەشەکوژەکان دەگەیەنێت. نووری ئەلمالیکی نەك هەر نەیتوانی بەسەر کێشەکانی بەرقەرار نەبوونی ئەمن و ئاسایش و هەڕەشەکردن لەژیانی هاووڵاتییان و گەلێ پرس و مەسەلەی دیکەدا زاڵ بێت، بگرە لەهەندێ باردا ڕێخۆشکەر بوو بۆ قووڵبوونەوەی زیاتری ئەو دەردو کێشە ئەستەمانە. هەر بۆ نموونە (نەخشە ئەمنییەکەی بەغدا) هەر لەگەڵ دەستپێکردنیدا شکستی هێنا.

پەیوەندی نێوان حکومەتی کوردستان و ئەوەی لەبەغدا شتێك نییە ئێرەیی پێ ببرێت. لەسەردەمی حوکمی ئەلجەعفەری و حکومەتەکەی ئەلمالیکیشدا کۆمەڵێ گیروگرفت و کێشەی هەڵواسراو هەن کەئێستاشی لەگەڵدابێ هەروا بەهەڵواسراوی ماونەتەوە، یان ڕاستتر بەئەنقەست بەهەڵواسراوی هێشتراونەتەوە. دەسەڵاتدارانی ناوەندیی بارەگا لەبەغدا، شیعەکان بەسەر حکومەتدا زاڵن، ڕێگری سەرەکیی بوونە لەجێبەجێنەکردنی ئەو بڕگەو بەندانەی کە تایبەتن بەکوردو کوردستان و لەدەستووردا هاتوون. دەستوورێك کەتا هەنووکە بەچاران باڵندە ئاسا پەڕو باڵی کراوەو هەر ئەوەندە ماوە بەتەواوەتی بروتێندرێتەوە! ماددەی 140 و قەیرانی کارەباو سووتەمەنی و هەڵکەندنی بیری نەوت لەکوردستان و هەڵهاتنی عەرەبەکان بەلێشاو بۆ ناوچەو دەڤەرەکانی کوردستان و زۆری تریش، کێشە گەلێکن کەئەگەر چارەسەرییان بۆ نەدۆزرێتەوە، بەقەولی سەرکردەکانی لەمەڕخۆمان گۆتەنی، (ئەو کاتە کورد ڕێگاچارەی دیکەی لەپێشە). جاتۆ بڵێی، گەر بۆ تەنیا جارێکیش بێ، سەرانی کورد بەکردەوە نەك بەقسە هەڕەشەکانیان بخەنە بواری پراکتیکییەوەو ئەنجامیشیان بدەن؟ خۆزگە بەو ڕۆژە!.

هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاو ئاکامەکانی کەتیایاندا دیموکراتخوازەکان بەڕێژەیەکی بەرچاو سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، پرسێکی زۆر گرنگەو پێویستە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لەباشووری کوردستان بەوردی لێی بڕوانێت، کوردو سەرکردایەتییەکەی کەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، بەبۆنەو بێ بۆنە زۆرجار باسیان لە(هاوپەیمانێتیی ستراتیژی)ی نێوان ئەمریکاو کورد کردووە، ئێستا جێی خۆیەتیی بەحسابەکانی خۆیاندا بچنەوەو سەرانی کوردیش پێویستە لەهەر کەسێکی دیکە باشتر بزانن، لەبارێکدا گەر پێشوەخت ئەمە نەزانن، کەئەمریکا خزمەتکاریی هیچ گەل و نەتەوەو دەوڵەتێك نەبووەو نییە تا کوردو سەرانی ئەوەندە دڵیان پێی خۆش بێت! دیموکراتخوازەکان کە وەك دەرەنجامێکی ڕاستەخۆی سیاسەتەکانی دەرەوەی سەرۆکی ئێستای ئەمریکا لەم هەڵبژاردنانەدا بردیانەوە، یەکەمین کارێك کەکردیان ئەوەبوو (دۆناڵد ڕامسفێلد)ی وەزیری بەرگری ئەو وڵاتەیان لەسەر کار لابرد، ڕاستە ناوبراو پێشتریش ڕەخنەی لێ گیراوە، بەڵام هەر چۆنێك بێ دوای سەرکەوتنی دیموکراتخوازەکان دەستی پێ لەکار کێشرایەوە. یەك لەو پرسە هەرە گرنگانەی کە دیموکراتخوازەکانی دوای (12)ساڵ گەڕاندەوە بۆ ناوەندی دەسەڵات و بڕیاردان لەئەمریکا، بێگومان بابەتی عیراق و ڕەوشی نائارامی وێندەری بوو. کەواتە کێ نالێ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بەعیراق گۆڕانی بەسەردا نایەت و خوودی ئەم گۆڕانکارییە کوردیش ناگرێتەوە؟ لەوانەیە لێکدانەوەیەکی وەها چەوت یان ڕاست دەربچێت. وەلێ، لەمە گرنگتر ئەوەیە داخۆ کوردو سەرکردایەتییە سیاسییەکەی تا چەند ئامادەی ئەم جۆرە گۆڕانکارییانەن؟!.

ڕەوشی سیاسی عیراق کەڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەپێچەوانەی پێشبینییەکانی سەران و ڕێبەرانی، لەخراپەوە بۆ خراپتر دەچێت، پێکدادانەکان و بەرەنگاربوونەوەکانی نێوان لایەنە جوداکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی ئەو وڵاتە، ئەگەر لەدوێنێ دژوارتر نەبووبن ئەوا ئەمڕۆ جاکتریش نین. ئەمانە هەر هەموویان بەجۆرێك لەجۆرەکان کار دەکەنە سەر ڕەوشی ژیان لەکوردستاندا. ڕەنگە شتێکی وا تەنیا مەسەلە سیاسییەکان نەگرێتەوە، بەڵکو پەل و پۆ بهاوێت بۆناو ژیانی ئاسایی هاووڵاتییانی کوردستانیش لەزۆر ڕووەوە، لەڕۆژی ئەمڕۆدا هێشتا کورد کوشتن لەموسڵ و کەرکوك و حەویجەو سەعدیەو تەلەعفەرو بەدرەو گەلێ شوێنی تریشدا هەر بەردەوامە. عەرەبی شۆڤێنیی و بەعسییە دڕندەکان تەنێ کورد بوون بەتاکە هۆیەك دەزانن بۆئەوەی دەست لەم گەلە ئازادیخوازە بوەشێنن. لەناو گێژاوی ئەم هەموو تەنگوچەڵەمەو گۆڕانکاری و پێشهاتە خێرایانەدا سەرانی کورد ڕووبەڕووی پرسیارێکی زۆر گرنگ و چارەنووسساز دەکرێنەوە: کوردستان بەرەو کوێ دەبەن؟

گەڕان بەدوای بەسیڤی ئەم پرسیارەی سەرەوە ئەوەندە ئاسان نییە. لەلایەك کورد خۆی وەك نەتەوەیەکی چەوساوەو بندەست و بێ دەوڵەت بەرپرسیارێتیی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ، لەلایەکی تریشەوە ئەگەر بڵێم کەس بەتەواوەتی نازانێت ئەو دەوڵەتە بەزۆر بەیەکەوە لکێنراوەی کەئێستا پێی دەگوترێت عیراق ڕووی لەکوێیە، لەوانەیە هەڵەم نەکردبێت و تۆزێ بەلای وەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا نزیك بووبێتمەوە. بەهەر حاڵ شتەکان زوو زوو بەبەر چاوماندا ڕەت دەبن و ڕووداوەکانیش خێرا خێرا دێن و گوزەر دەکەن. سەرکردەکانی کورد نەك هەر لەباشوور، بگرە لەگشت پارچەکانی دیکەی کوردستانیش، بەرەو ڕووی بەرپرسیارێتییەکی ئێجگار مەزن کراونەتەوەو کە دەبێ نەتەوەییانەو کوردستانییانەش کەمتەرخەمی و درێغی لەجێبەجێکردن و ڕاپەڕاندنیدا نەکەن!.

# جاش؛ کوردی خۆفرۆش

**پارێزەر: مام سۆران**

جاش.. ناوی بێچوی (گوێدرێژ- کەر) کە ئاژەڵێکی بەستەزمان و ئیشکەرەو لەوەتەی هەیە لەخزمەتی مرۆڤدایە.

بەداخەوە کۆمەڵگای کوردستان ناوی (جاش) لەو کوردە خۆفرۆش و خائینانەی کە دژی خاك و گەلەکەیان وەستاون و لەخزمەتی داگیرکەراندان نراوە.

جاش.. دزێوترین و ناشیرینترین ناوێکە کەکورد لەخائینان و خۆفرۆشانی ناوە کەشەرەف و کەرامەتیان خستۆتە ژێر پۆستاڵی ڕەشی داگیرکەران، ئەمان ڕاستەوخۆ هەستاون بەپاراستنی کوردستان لەخێوی پێشمەرگە بۆ ئەوەی ئازادو سەرفراز نەبێت و وەك خۆی تەسلیم بەداگیرکەرانیان کردووە، ئەگەر شوێنێك یا ناوچەیەکیان پێ سپێردرابێت نەیان هێشتووە گەل تامەزرۆی ئازادی بێت. یان پێش داگیرکەران کەوتوون وەك شەڕکەر دژی گەلەکەیان یان وەك چاوساغ دەستیان هەبووە لە کوشتو کوشتاری پێشمەرگەو خەڵکی سڤیل و سووتاندنی گوندو ناوچەکانی کوردستان.

هەمیشە داگیرکەران کەگەلێك یان دەوڵەتێك داگیردەکەن، هەوڵدەدەن هەر لەوگەلە چەکدارو چاوساغ و سیخوڕ دروست بکەن بۆدژایەتی گەلەکەیان، سیاسەتی داگیرکەرانیش (پەرتکەو زاڵبە)و دواخستنی گەلانی ژێردەست لەگشت ڕوویەکەوە دروستکردنی کێشەی بێکاری و کۆمەڵایەتیی و دوژمنداری و چاوی تەماعیان زیاتر دەبرنە گەلانی تر، بۆ زیاتر داگیرکاری و ئەمانەش کۆمەڵێك هۆن کەخەڵکی ناوشار خۆیان بەدوژمن بفرۆشن.

بەداخەوە وەك ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی _(تۆمابوا) لەکتێبی (لەگەڵ کورددا) باس لەوە دەکات کەکورد ئامادە نییە سەربازی بکات و جلی ڕەسمی سەربازی لەبەر بکات، بەڵام بەجلی کوردییەوە لەناوچەکەی خۆی ئامادەیە چەکی خیانەت لەشانبکات.

تەمەنێکی درێژە کوردستان داگیرکراوو دابەشکراوە، بۆیە تەمەنی جاشایەتیش تیایدا لەگەڵ تەمەنی ژێردەستەییدایە، ئەوەتا ئێستا باشووری کوردستان ئازادەو داگیرکەری لێ نییە، جاشیشی نییە. واتە لەگەڵ بوونی داگیرکەر جاش و سیخوڕ هەن.

لەسەردەمەعوسمانییەکانداو لەکاتی سوڵتان عەبدولحەمید بەجاشە کوردەکان وتراوە (سوارەی حەمیدی)و پاش سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئازادی لەهەشتاکانەوە لەباکووری کوردستان بەجاش دەوترێت (پاسەوانانی گوند).

لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بەناوی (پێشمەرگە موسڵمانەکان)و لەباشووری کوردستان لەگەڵ جاشیش (فورسان)یان پێوتووە، هەروەها لەحەفتاکاندا مەفرەزەخاسەو پاشان فەوجەکانی (دفاع الوطني)یان پێدەوترا.

لەڕووی شۆڕشگێڕی و نیشتمان پەروەرییەوە (جاش) هەموویان تاوانبارن و دەبێت لێیان بکۆڵرێتەوەو بەپێی کارەکانیان سزای عادیلانە وەربگرن و ببنە عیبرەت کەئیتر هیچ نەوەیەك لەمەودواو لەهیچ پارچەیەکی تری کوردستان (جاشایەتی و پاشایەتیی) کەدروشمی جاشەکان بوو بۆهەتاهەتایە لەچاڵبنرێ و کەس غیرەت نەکات خیانەت لەگەڵ و خاکەکەی بکات.

لەڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری (1991) لەعیراق و بەتایبەت باشووری کوردستان هێزی سەربازی و سیخوڕی تەواوی حکومەتی بەعس تێکشکاو نەیتوانی لەئاستی هاوپەیمانان و ئیرادەی خەڵکی عیراق خۆی بگرێت، یەك لەهێزەکانی عیراق جاشەکانی بوو بەتایبەت موستەشارو ئامرسریەکان ئەژنۆیان شکابوو چاوەڕێی چارەنووسی ڕەش و ئیعدامی شۆڕشگێڕانەی گەلیان دەکردو وەك هەموو هێزەکانی تری حکومەتی بەعس ئیفلیج بوون، واتا نەلەئازایەتیدا نەلەکوردایەتیدا بوو کەوەك هێز نەمابوو، نەیانتوانی دژی ڕاپەڕین بوەستن، چونکە هەر ئەو جاشانە بوون پێشترو بەماوەیەکی کەمتریش خەریکی خیانەت بوون.

ئەگەر جاشە ئاساییەکان لەبەر سەربازی یان دوژمنایەتی یان بێکاری ببونە جاش، بەڵام موستەشارو ئامرسرییەکان نەهیچ زۆرییەکیان لەسەر بووەو نەهیچ گرفتێکیان هەبووەو تەنانەت زۆریان نەك هەر واسیتەو بەرتیلی داوە بەڵکو شەرەف و کەرامەتیشی دەبرد بۆپیاوانی ڕژێم تا فەوجێك یان سریەیەکی بۆبکەنەوە بۆدژایەتی کردنی گەلەکەی.

فەوجەکان بەپێی عەشیرەت و خێڵەکان بوون، بەڵام نەمان بینی ئاغاو دەرەبەگ و شێخانی دەستڕۆیشتوو هەبن بەخۆیان و خێڵ و عەشیرەتیانەوە لە کەرتێك یان تیپێك یان هێزێکی ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەهەر حزبێکدابن، کەواتە وەك خێڵ و عەشیرەت ئەوەندەی ئاغاو دەرەبەگ و شێخان فەوجیان کردۆتەوە بۆخۆیان یان بۆ کەسوکاریان ئەوەندە خزمەتیان بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان و گەلەکەیان نەکردووە.

جا باشتروایە حکومەتی هەرێم کار بۆ ئەوە بکات کەئەو عەشیرەت و خێڵانەی هەن لەهەر بەرەبابێك یەکێك هەڵبژێرن و ئەنجومەنی عەشیرەت پێکبێت و پاشان سەرۆك عەشیرەتێك کەئەم سەرۆك و ئەنجومەنە بەومەرجەبن کە خەڵکی نیشتمان پەروەربن وەك ئەمری واقیع کەخێڵ و عەشیرەت هەیە لەکوردستانداو ئەو هەڵبژاردنەش ماوەی بۆدابندرێت. هەروەها موستەشارو ئامرسریەکان بدرێنە دادگاو سزای عادیلانە وەربگرن و قەرەبووی ئەوکەسانەش بکرێتەوە کە زەرەرمەند بوون بەهۆیانەوە.

هەر ئەو سەرۆك جاشانە بوون کەدوای ڕاپەڕین زۆریان ڕایانکردەوە بۆلای ئاغاکانیان لەبەغداو بەشێکیشیان بەختەوەربوون کەشەڕی ناوخۆ هەڵگیرساو ئەوان بوونە پیاوانی(ماقوڵ)، یان پاڵەوانانی شەڕی ناوخۆ دیوەخانانەو دیاری و نەسریەیان هەبووەو سەد هێندی پێشمەرگە قارەمان بوون.

دواجار با گشت سەرۆك جاشەکان دادگایی بکرێن و سزای عادیلانەی خۆیان وەربگرن، خۆ لە سەددام و پیاوانی زیاتر نین و ببنە عیبرەت بۆهەتاهەتایە لەگەڵ خۆیاندا ناوی جاشایەتی نەمێنێ.

# پێشمەرگە دێرینەکان هەوێنی تەبایی و سوپەری دەسکەوتەکانن

**مامۆستا عوسمان کانی پانکەیی**

پێشمەرگەکانی گەلی کورد لە ڕۆژگاری سەخت و پڕ لە مەینەتی، مێژوویەکی گەش و ئەوتۆیان بۆ خۆیان و نەوەکانیان تۆمارکردووە، کە بەهیچ هێزو دەسەڵاتێك نەك هەر ناسڕێتەوە، بەڵکو بۆ هەتاهەتایە وەك ڕووناکی تیشکی ڕۆژو مانگ بەسەر ئاسمانی کوردەواریدا دەگەشێتەوە، ئێستاو بەردەوامیش پێشمەرگە دێرینەکان پارێزەرو گەشەپێدەری دەسکەوتەکانیانن. ئەوان لەخەبات و ململانێ لەگەڵ مەرگدا بەرامبەر بە هێرش و پیلان و بەرنامە ڕەگەزپەرستییەکانی دەوڵەت و دەسەلاتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا، تەمەنێکیان بەخشیوە، کە هەر بە یەکسانگەری هێزی پێشمەرگە توانرا ئەو هەموو بەرنامەیەی دوژمن لە گۆڕبنرێت و لەناو ئەو مەیدانە هاوسەنگەریەشدا ئەرکەکانی خەبات لەو ڕۆژگارە سەخت و ناهەموارەدا بە ئەنجام گەیەنراوە.

زێدی پێگەیاندنی سەرجەم کادرو فەرماندەی سیاسی و سەربازی و سەرکردایەتی، هەر ئەو سەنگەرە پیرۆزەیە، بۆیە دەبێ پێشمەرگەی دێرین لە قۆناغی نوێی ئەمڕۆدا لە هەموو کاتەکان زیاتر ببنە هەوێنی تەبایی و یەکریزی سەرکردەکان و جەماوەری گەلەکەمان، لە هەمانکاتدا قەڵغان و پارێزەری دەسکەوتەکانی خوێنی شەهیدە هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانیان بن، چونکە بەئەمانەتەوە پێیان سپێردراوە کە بیگەیەننە نەوەکانی ئایندە، بەتایبەتی کەئەمڕۆ گەلی کوردو کێشە ڕەواکەی لە هەموو کات زیاتر لەقۆناغێکی هەستیاردایە، دروشمی خەباتمان چەسپاندنی فیدراڵییەو لەورێگەیەشەوە دەتوانین هەموو شوێنەکانی کوردستان کە بەعەربکراون بگێڕینەوە ناو باوەشی دایکی نیشتمان.